بۆ یەکێتی و پارتی..
ئەرێ کۆبونەوەی تەشریفاتی بەس نەبوو !!

ئاسۆعەبدوللەتیف

مەحاڵە دوو حیزب و دوو دەسەڵاتداری بەشکەری داهات و ئیمتیاز لە دونیادا ببینی وەک ئەم دوو حزبەی خۆمان عاشق و سەکرانی کۆبونەوەی مێژوویی و ستراتیجی بن و ئەوەندەش حەز بە ووتاردان بکەن و دوور بن لە خەونی سەربەخۆیی خاکی خۆیان، ئەم دوو حیزبە ئەوەندەی کە سەروەری و مێژووی رابردوو ئەبینن و ئەیانەوێت بیکەنە ئەفسانە لامان ئەوەندە ئایندەیەک نابینن کە نەوەی نوێ خەونی پێوە ئەبینێ، هەر شتێکی ناشیرین گەر بیانەوێت ئەیکەن بە کولتوورو وەک دەسکەوت پێمان ئەفرۆشن، نمونەی "پەنجا بە پەنجا" و "سوڵتەی ئیزدیواجی" کە وامان تێئەگەیەنن کە لە ئەمریکاو بریتانیاو ئیسپانیاش وەهایەو دوو حیزب حاکمە، بێ ئاگا لەوەی کە لە وێندەر یەکێکیان حاکمەو ئەوی دیکەیان چاودێرو رەقیبەو بە دیموکراسیەتیش ئەچنە سەر حوکم نەک بە هێزی جەنگ و توراس و شەهید!! ئەمانەی لای خۆمان چیرۆکی یەک ملیۆن شاخی رابردووی خۆیان کە گوایە بە پێلاوی لاستیکەوە پیایدا رۆشتوون ئەبینن، لێ تاسەو چاڵێکی ناو شارو تاریکیەکان مەحاڵە نیگا بکەن و ببینن، مێژووی ئەم دوو حیزبە لێوانلێوە لە کۆبونەوەو یەکتربینین و دەعوەتی وەلیمەیی و شتگەلی چڕو نهێنی و گوایە مێژوویی! گرنگ نییە بۆ ئێمە لەم کۆبونەوە مێژوویییانەدا چی ئەڵێن و چی نالێن چونکە ئەوە رووبە لامان تازە ئەم دوو حیزبە ناشەفاف بۆتە بەشێک لە ئەجندایان "لەم رۆژانەدا کە نەوتی خام و رەش بە ئارەزووی خۆیان هەناردەی ئێران ئەکەن، کارمەندی یەکێک لە مەرزە گومرگیەکان بۆی گێڕامەوە کە جارێکیان ویستویەتی عەینەیەک لەو تەنکەرانە وەرگرێ و بینێرێ بۆ تاقیگە تا بزانێت بەراست ئەمە نەوتی رەشە یان خام؟ چونکە ئەمان وەک بازگە گومرگیەکان بە شێوەی فەرمی تەنها ئەتوانن ئەو تانکەرانە بنێرنە ئێران کە نەوتی رەش ئەگوازنەوە نەک خام، دواتر ووتی پاش چارەکە سەعاتێک کە چەند لیترێکم لە نەوتەکە وەرگرتبوو ئەوەندەم زانی لە یەکێک لە گەورە بەرپرسانەوە بە تەلەفۆن هەرەشەی ئەوەم لێکرا کە دەست لەو کارە هەڵگرم و خۆم نانبراو نەکەم و منیش لە ترساندا وازم هێناو ئینجا زانیم نەوتەکە رەش نیە و خامە" خامیش رێگە پێنەدراوو قەدەغەیە،ئەمە نمونەیەکی بەرجەستەی شاردنەوەی راستیەکان و ناشەفاف بوونی ئەم دوو دەسەڵاتەیە کە لە هیچ شتێکدا نایانەوێت خەڵک راستیەکان بزانن، ئیدی کۆبوونەوەکانی سەر شاشەو هۆڵە راقیەکان بۆ ئێمە چ تەوفیرێکی هەیە؟ لەو کۆبونەوانەی کە دەیانجار ئەیدەن بە گوێ و چاوماندا سەدەها مژدەو بەڵێنمان بۆ ریز ئەکەن و ئەبنە وەهم، بەڵام تاکە شتێ کە کۆبونەوەی ستراتیجی و مێژوویی لەسەر ناکەن کەرکوک و گوتاری سیاسی کوردو داهات و ئاوەدانی و کارەباو سەلامەتی خەڵکە، زمانی کوردی ئێستا پەراوێزترین زمانی عیراقیە کەچی هەر هیچ قسەی لەبارەوە ناکرێ و تابێت زمانی کوردی سوکتر ئەبێت لە عیراقدا، پاسپۆرتی" G " شمان بینی و ووشەیەکی کوردیمان نەبینی و کەسێکیش نییە بڵێ ئەمە پێچەوانەی دەستوورە؟! بەراست کۆبونەوە بۆ ئەمانەش گرنگ نییە؟! بەراست ئەگەر بۆ ئەم گرنگانە کۆنەبنەوە ئیدی پێمان نالێن کارتان چییە؟

Asolm2002@yahoo.com